www.kurdistannet.org

13/01/2002 11:00

# یەکێتی نیشتمانی دەڵێ: کورد سەربەخۆیی ناوێ..!

نەهرۆ جلال شێرە

ئەم ووتەیەی سەرەوە تۆمەت هەڵبەستن نی یە بە دەمی هیچ بەرپرسێکی یەکێتی یەوە بەڵکو ئەمە و زۆر لەمەش زیاتر قسەو راگەیاندنی عدنان مفتی جێگری سەرۆکی حکومەتەکەی یەکێتی نیشتمانی یە لە سلێمانی کە بە ڕاشکاوی لە رۆژنامەی الشرق الاوسط کە سەردانی میصری کردووە بلاّو بۆتەوە .

عدنان مفتی ئەگەر دەڵێ وام نەووتوە دەتوانێ ڕاگەیاندنێك بنوسێ و ئەو قسانە بەدرۆ بخاتەوە .

هەڵبەت ئەمە یەکەم جار نی یە سەرانی ئەم دوو حزبە کوردی یە ڕادەگەیەنن کە کورد سەربەخۆیی ناوی و سەرو بنی قسەیان بۆتە یەك پارچەیی عێراق و پیرۆز ڕاگرتنی ئەو عێراقەی کە لە سایەی ڕژێمە فاشی یەکەی سەدام و ئەوانی پێش سەدامیش خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی بە هۆی کورد بونی یەوە زیاتر لە نیو سەدەیە کوشت و بڕ دەکرێت و زیندان و زیندە بە چاڵ دەکرێت ئەنفال و کیمیا باران دەکریت و ئەتك دەکرێت. دەیان ساڵە رۆڵەی کورد خوێنی دەڕێژرێ لە پێناوی کۆتایی هاتن بە چەوسانەوەو بۆ سەربەخۆیی کوردستان کەچی لەم لایشەوە عدنان مفتی و هاوبیرەکانی گاڵتە بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان دەکەن . بە دەس و چاوی بەستراوەوە دەیان بەنەوە بەر دەستی جەللادەکەیان.

ئەم حزبانە لە هەموو سەردەمێك هەر وا بوونە ، بەلاّم ئەوە ماوەیەکە زۆر بە خەست و خۆڵی دەستیان بەم کارە کردوە و هەر دەڵێ ی سێبەری سەدام حوسەینن ئاوا سوێند بە پیرۆزیی و یەکپارچەیی خاکی عیراق دەخۆن .ئەو عێراقەی کە زیاتر لە هەشتا ساڵە حکومەتێك لەو سنورەدا پێك هاتوە جگە لە چەوسانەوەو مەینەتی بۆ خەڵکی کورد هیچ بەهایەکی پیرۆزی نەبووە .ئیتر ئەم یەك پارچەیی یە دەبیت چ پیرۆزی یەکی هەبیت ؟؟!! .

شتێك کە زۆر مایەی شەرمەزاری یە ئەوەیە کە ئەم حزبانە هەموو کات بە ناوی تەواوی خەڵکی کوردستانەوە قسە دەکەن و خۆیان کردوە بە ریش سپی و ئاغا بەسەر سەری خەڵکەوە هەر ئەمە بۆ خۆی ناوەڕۆکی دژی خەڵکی کوردستانیان دەردەخات . دەنا ئەوان بۆ خۆیان کەیفی خۆیانە بە ناوی حزبی خۆیانەوە باس لە یەك پارچەیی و سوێند بەسەری سەدامیش بخۆن بەلاّم مافی ئەوەیان نی یە بە ناوی ئێمەو ملیۆنان خەڵکی ترەوە قسە بکەن بۆیە ئەم قسەو ڕاگەیاندنانەی سەرانی یەکیتی مەحکومە و مایەی گاڵتە جاریشە .

هەزاران کەسی وەك من کە چەندین ساڵ پێشمەرگەی یەکێتی بووە و شەهیدمان داوە ، لە پێناوی ئەوە نەبووە کە ئەمڕۆ ئەمانە بێن بڵێن کورد هەر دەیەوێ خزمەتکاری قومی عربی بیت و سەربەخۆیی ناوێ دەبێت هەر پلە دووبێت .بۆ ئەوە خەباتمان کردوەو شەهیدمان داوە تا بۆ یەکجاری لە چەوسانەوە رزگارمان بێت و وولاّتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنین و هەموو دانیشتوانی کوردستان مافی هاولاّتی یەکسانیان هەبێت. بۆیە داواکارم کە خەڵکی کوردستان دەنگ هەڵبڕن و ئیدانەی ئەم سیاسەت و هەڵوێستانە بکەن .دیارە ئەمە قسەی ئەمڕۆیان نی یە ، بەڵکو سەرتاپا سیاسەتیان وا بووە ، بە تایبەتی یەکێتی ئەمڕۆ کە دەزانێ باری لارە هەم لە بەرامبەر پارتی و هەم لە دڵە ڕاوکەی لەگەڵ ئەمریکاو غەرب بۆیە ئامادەیە بەهەر نرخێك بووە کورسی یەك لە سەدام وەربگرێ و لە جێ ی شێخ جەعفەر دانیشێ .خۆ ئەگەر ئەمڕۆ سەدام ئەمان لە جێی یا شێخیش دانێ بی گۆمانە کە هەر باری سەدام ڕاست بۆوە ملیان دەقرتێنێ .

©Kurdistan Net

شورەیی‌یەکی تر ئەوەیە کە ئەم حزبانە ئامادەن پشت بە هەمو دەوڵەتێکی دژی کورد ببەستن و وەك مزراح لە دەوری ئەمریکا بسورێننەوە گوێ یان بخەنە مستی سەدام و دمیریل و شاو و خومەینی و بۆش و بلیر و حافز وبشار والاسد و هەر کەسێکی تر بەڵام یەك رۆژ ئامادە نین پشت بە جەماوەری کوردستان ببەستن و پرس بە خەڵك بکەن ئاخۆ چی یان دەوێ .بۆیە ئەم سیاسەت و کردەوانە جگە لە دژایەتی ئەمانە بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان زیاتر هیچی تر ناگەیەنێ .

زۆر سەیرە ئەمانە کە خۆیان بە میراتگری مەسەلەی کورد دادەنێن بەڵام هەرگیز باسی سەربەخۆیی کوردستان ناکەن و هەرگیز پرس بە خەڵك ناکەن ، کەچی حزبێکی تریش لە پاڵ دەستیان خۆی بە ناوی عیراقەوە ناساندووە کەچی باس لە ریفراندۆم و سەربەخۆی دەکات . بە جورئەوە ئەمە رادەگەیەنێ کەچی ئەم حزبانە ئەم جورئەتە ناکەن .جا ئەو حزبە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقە لە کوێ بن و چەند بن و چۆن بن قسەکەیان چەند بێتە دی ئەمە ئیتر ئەمانە جورئەتیان کردوە ئەم سیاسەتە راستەیان راگەیاندووەو سەر بەهەموو شوێنی دا دەکەن تا ئەو سیاسەتەیان بێتەدی . بەڵام یەکێتی و پارتی بۆ قسەش بێت ئەم جورئەتە ناکەن .دیارە کە نایکەن مەسەلەکە ئەوەیە کە نە دەیانەوێ و نە لە بەرژەوەندی یانە .

بۆیە هەمیشە دەڵێن رێگا چارەی ئیمە وا لە بەغدایە لە کاتێکا هەر میلەتێك رێگا چارەی لە دەستی خۆی دایە .هەر میللەتێك ئەگەر هەر چاوەرێ ی ئەوە بوو مافی بدرێتی و بە زۆر نەیسێنێ ئەوە هەرگیز بۆی بەدی نایە .بەلآم بێ گومانە ئەوە میللەت و نوێنەرانی میللەت نی یە کە لە هاتو چۆی بەغدادایەو هەر چاوی لە دەستی سەدام و دوژمانی کوردە بەڵکو ئەوە تەنها یەکێتی و پارتی یە کە هەر خەو بە رێگای بەغداوە دەبینن وەك لە لایەن جلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی یەوە ئەمە هەمیشە چەند پات کراوەتەوە .

بەڵام دەبێت ئەم حزبانە بزانن کە ئەمرۆ دەرفەتێك بۆ کورد رێك کەتوە و نابێ لە دەست بدرێ . ئەگەر ئەمانە هەر لە هەوڵی ئەوە دان ئەم فرسە بۆ چەند کورسی یەکی خۆیان بقۆزنەوە ئەوە دەبێت باش بزانن رۆژ بەرۆژ خەڵکی کوردستان وشیار تر دەبێتەوە بە مافەکانی خۆی و لەوە تێپەریوە خەڵك تەنها بە حکمی زاتی و فیدرالی رازی بێت بەڵکو خەڵك ئەو راستی یەی بۆ دەرکەوتوە کە تاکە چارە جیا بونەوەی کوردستانە و پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یە . بە پێچەوانەی قسەکەی عدنان مفتی کە دەڵێ خەڵك جیا بونەوەی ناوێ ، بەڵکو خەڵك وەك هەوا پێویستی بە سەربەخۆیی یە . جا ئەگەر ئەوان دەڵێن ئێمەش سەربەخۆییمان پێ باشە و بەڵام هەلومەرج رێگا نادات ئیمە دەپرسین باشە ئەم هەلومەرجە کەی دێت؟باشە ئەگەر دڵتان بۆ سەربەخۆیی لێ دەدات بابە هەر بە قسە رای گەیەنن و مەسەلەکە عەکس بکەنەوەو بڵێن ستراتیجمان رێك کەوتنە لەگەڵ بەعس و تاکتیکمان سەرلەخۆی یە لەبەر دڵی ئەمریکاو غەرب و دەرو دراوسێ و دڵی سەدام ؟؟!بڵێن بە پیرۆزی خاکی عێراق خەڵکی خۆی داوای سەربەخۆی دەکات و ئیمە داوامان نەکردووە ؟؟!!تەماشای تەیموری رۆژهەلات بکەن .دەرسی لێ وەربگرن .خۆ ئەوان بە قەد ئیمە نەوستاون و نەگوژراون و کیمیا باران نەکران .خۆ ئەوان ئەمریکاو غەرب و حەبیبی و یو ئێن سەربەخۆییان پێ نەدان بەلکو بەری رەنجی ٢٥ ساڵیان بوو ؟؟!! .ئیوە دەتانەوێ خۆشتان باسی سەربەخۆیی نەکەن و نایەڵن خەڵکیش باسی بکات و هەر چاوەرێن ئەمریکاو غەرب و بۆش وبلیر بیتان داتێ !؟؟

بەڵام مەسەلەکە بێ گومانە ئەمە نی یە کە عەقڵتان پیادا ناشکێ ، نەخێر ! . بەڵکو ئەوەیە کە ئەمانە بەرژەوەندێکی تریان هەیە کە جیاوازە لە بەرژەوەندی گشتی خەڵك ئەگەر جیا نەبوایە بۆ یەك رۆژێکیش بوایە پرسیان بەخەڵك دەکرد و دەیان ووت ئەمریکاو یو ئێن و سەرانی عەرەب و دونیا و سەدام ئەوە خەڵك داوای سەربەخۆیی دەکات و ئێمە داوامان نەکردووە و بۆ خۆتان هەر پاکانە بکەن بۆیان .

بۆیە پێویستە لەسەر خەڵکی کوردستان کە ئیدانەی ئەم قسانە بکەن و رێگە نەدەن خوێنی رۆڵەکانیان بە فیرۆ بروات لە پێناوی حوکمی زاتی و فیدرالی و پلە دویی دا.

©KurdistanNet

ئەم فەرسەتە مێژووی یە لە دەست مەدەن کە هەموو دونیا و خۆشمان باش دەزانین هەرگیز فرسەتی وا ڕێك نەکەوتووە و نیوەی زیاتری کوردستان ئەوە دە ساڵە لە ژێر پۆستاڵی بەعس پاك کراوەتەوەو با نەهەیڵین دووبارە بەعس بێتەوە کوردستان .

سەرۆکی کۆمیتەی کوردستانی لە ئوستراليا– سدنی

٢٠٠٢-١-١٢

©Kurdistan Nêt